## 11سیپتێمبەر، وەرچەرخانێک لە سیاسەتی ئەمریکا ... وەهاب شاە محمد

سێ ساڵ لەمەوبەر لە رۆژێکی وەک ئەمرۆ، گەورەترین پەلاماردان دژ بە وڵاتی ئەمریکای تاکە زلهێزی جیهان لەلایەن گرووپی تیروورستی (القاعدە) ئەنجام درا کە ئەنجامەکەی قوربانی بوونی هەزارەها کەسی بێ گوناهی ئەم وڵاتە بوو. ئەم کارە تیروورستیەی بە ناوی تۆڵە کردنەوە لە سیاسەتەکانی ئەمریکا دژ بە میلەتی عەرەب و جیهانی ئیسلامی کە ساڵەها ساڵە ئەمریکا بەرێووەی دەبات، گەورەترین پەلاماردانی ئەمریکا بوو پاش پەلاماردانەکەی ژاپۆن دژ بە کەشتیە سەربازێکانی ئەمریکا پاش جەنگی جیهانی دووەم.
دیارە ئەمە یەکەم کاری تیروورستی نەبوو لەلایەن القاعدە دژ بە ئەمریکاو ئەو لایەنانەی کە القاعدە بە هاوپەیمان و دۆستی ئەمریکا ناویان دەبات، بەڵکو لەوەو پێش چەند کارێکی تیروورستی تریش لەلایەن ئەم گرووپەوە ئەنجام درابوو، بەڵام هیچ کام لەو کارە تیرووستیانە نەبوونە هۆی وەرچەرخانێک لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.
ئەمریکا پاش جەنگی جیهانی دووەم سیاسەتەکانی دەرەوەی تەنها لەسەر بنەما بەرژەوەندێکانی دادەرێژرا، هاوکاری جۆراوجۆی هەموو ئەو رژێمانەش دەکرا کە بەرژەوەندی ئابووری و سیاسیان لەگەڵ ئەمریکا هەبوو، بێ گوێدان بە شێوەی سیاسی ئەو رژێمانە. دیارە کۆتای شەری ساردی نێوان رۆژئاواو رۆژهەڵات وەرچەرخانێک بوو لە سیاسەتی جیهانی، چوونکە ئەمریکا وەک تاکە زلهێزێکی جیهانی مایەوە، بۆیە هەموو قەیرانێکی سیاسی گەورە لە جیهان هۆیەکەی دەخرایە ئەستۆی ئەمریکا، بەتایبەت لە لایەن ئەو لایەنانەی کە لەرووی فکریەوە دژ بە هەموو سیاسەتەکانی ئەمریکا بوون لە جیهان.
زۆر لە رژێمەکانی وڵاتانی عەرەب و ئیسلامی، ئەمریکایان بە گەورەترین مەترسی و هەرەشە دەبینی بەرامبەر بەرژەوەندی گەلانی خۆیان، لایەنگیری و هاوکاری بێ سنووری ئەمریکاش بۆ ئیسرائیل وەک نموونەێک هەمیشە وەک بیانوو بۆ ئەو مەترسی و هەرەشانە دژ بە دنیای ئیسلام و عەرەب دەهێنیایەوە. ئەم گۆرانکاریە سیاسیە گەورانەی جیهان رێگای بۆ گەشە کردن و هاتنەپێشەوەی ئەو گرووپە بەناو ئیسلامیانە خۆش کرد.
کاری تیروورستی 11 سیپتێمبەر وەرچەرخانێکی گەورەی سیاسەتی ئەمریکا بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، چوونکە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی ئەو کارەیان ئەنجام دا کەسانێک بوون کە لەوڵاتانێکەوە هاتبوون کە بە باشترینی دۆستی ئەمریکا ناودەبران.
ئەفغانستان، کە رژێمێکی ئیسلامی توندرەوی بەناو تالیبان بەرێوەی دەبرد، زۆربەی زۆری سەرانی ئەلقاعدە و گرووپە ئیسلامیە توندرەوەکانی تری تیابوو کە بە ئاشکرا خۆیان بە خاوەنی هەموو کارە تیروورستێکان دەزانی، بۆیە ئەمریکا تەنها رێگایێکی لە پێش مابوو ئەویش لەناوبردنی ئەورژێمەو دەستگیرکردنی هەموو ئەوانەی دەستیان لە کردەووە تیروورستێکەی 11 سیپتێمبەر هەبوو.
دیارە نەمانی رژێمی تالیبان کۆتای بە مەترسێکانی دووارۆژی پەلاماردانی لەو جۆرەی نەدەهێنا، چوونکە مانەوەی رژێمی بەعس و ئەو هەموو چەکە کۆم کوژەی کە هەیبوو، مەترسێکی تری گەورە بوو بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە جیهان. رژێمی عیراق بە بەکارهێنانی چەکی کۆم کوژ دژ بە خەڵکی کورد و هێزەکانی ئێران وەک مەترسێکی گەورە دەبینرا بۆ ئەمریکا، چوونکە هاوکاری و هاودۆستی باشی لەگەڵ گرووپە تیروورستە بەناو ئەیسلامێکان هەبوو، ئامادەش بوو هەموو کاتێک ئەو چەکە کۆم کوژانە بدات بەو گرووپانە.

ئەمریکا پاش 11 سیپتێمبەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە باشترین رێگا گرتن لە گەشەکردنی بیری توندرەووی بەناو ئیسلام، کە دژایەتێکی زۆری سیاسەتەکانی ئەمریکاو دنیای دیموکراتیان دەکرد، پرۆسەیکی دیموکراتی کردنی رۆژهەلاتی ناوەراستە. زۆر لەو رژێمانەی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ مانەوەی تاک دەسەلاتی خۆیان، کێشەی فەلەستیین و هەرەشەی دەرەکی بۆ رژێمەکانیان دەخستە سەر ئەستری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە جیهان.

رژێمە تاک دەسەلاتەکانی ناوچەکە لە هەولێکی زۆردان بۆ وەدەست هێنانی چەکی کۆم کوژ، لەهەمان کات دژایەتی هەموو گۆرانکارێک و ریفۆرمێکی سیاسی لە ولاتەکانیان دەکەن، هەموو هەولێکی ریفۆرمکردنی سیاسییش بە پیلانێکی ئەمریکی وئیسرائیلی ناو دەبەن دژ بە ئیسلام و جیهانی عەرەب. ئەو رژێمانە بۆ مانەوەی دەسەلاتیان هاوکاری هەمە لایەنی هەموو ئەو گرووپە توندرەوانەی بەناو ئیسللام دەکەن، لە هەمان کات مانەوەی دەسەلات و رژێمەکانیان وەک پێوستێک دەبینن بۆ بەرنگاربوونەوەی هەموو ئەو هەرەشەو مەترسیانە کە ئەمریکا رۆژئاوا دروستی دەکەن دژ بە کلتوورو نەتەوەیان.

ئەمریکا لەو باوەرەدایە کە تەنها رێگا بۆ رێگەگرتن لە مەترسی و هەرەشەکانی دووارۆژ بەرامبەر دنیای دیموکرات و ئاسایشی جیهانی، گۆرینی هەموو ئەو رژێمە کلاسیکیانەی ناوچەکەیە، بێ گورینی ئەو رژێمانەش هەمیشە ئاسایشی ناو دەولەتی لە مەترسی دەبێ، چونکە بیرو سیاسەتی ئەو رژێمانە بەرهەم هێنەری بیری تیروریستی و توندرەویە دژ بە هەموو گۆرانکارێکی کۆمەلایەتی و سیاسی لە ناوچەکە.

مانەوەی ئەو رژێمانە و هەولدانیان بۆ بەدەست هێنانی چەکی کۆم کوژ گەورەترین هەرەشە دەخاتە سەر ئاسایشی ناوچەکەو جیهان، میلەتانی ناوچەکەش لە گێژاووی توندرەووی و رق و قینە بەامبەر پرنسیپە دیموکراتێکان دەهێلێتەوە.

ئەمرۆ ئەمریکای زلهێزی جیهانی ناچارە پرۆسەی بە دیموکراتی کردنی ناوچەی رۆژهەلات ئەنجام بدات، هەموو پەشیمان بوونەوەێکیش یان دەست هەلگرتن لەو پرۆسەیە سەرکەوتنێکە بۆ بیری تیروورستان و گرووپە توندرەوە بەناو ئیسلامێکانی ناوچەکەیە لە دوواۆۆژ.

Shah. wahab@gmail. com